# هەندێ راو تێبینی پێویست

مافپەروەر /محەمەدی مشیر

دەستوور دوکیومەنتێکی یاسایی هەرە گرنگە کە لە سایەیدا سیستەمی یاسایی وڵات و جۆری سیستەمی سیاسی دەوڵەت و دەسەڵات و قەڵەمڕەوی هەرسی لایەنی بنەڕەتی(یاسادانان، جێبەجێکردن ، دادوەری) لە وڵاتدا دەسنیشان دەکاو ئایندەی یاسایی و سیاسی وڵاتی پێوە بەندە و پارسەنگی ماف و ئەرک و ئازادییەکانی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان رادەگرێ و رێکیان دەخات، بویە لە گەلێ وڵاتدا پێی دەڵێن یاسای بنچینەیی(عێراق ١٩٢٥ ،کۆماری ئیسلامی ئێران) یان یاسای دایک(تورکیا ). هەر لەبەر ئەمەشە بەر لە پەسندکردنی یەکجارەکی پێویستە زۆر بە وردی و هەمەلایەنە بخرێتە بەر باس و لێتوژینەوە تا لە ئاکامدا یاسایەکی پوختی لێ بێتە بەرهەم کە لە سایەیدا هەرچی زۆرتری کێشەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق لە هەردوو لایەنی یاسایی و سیاسییەوە چارەسەربکرێت و دەقەکانی هێندە رۆشەن و ورد بن بەجۆری لە داهاتوودا رێگربێت لەبەردەم هەرجۆرە دەستێوەردان و پێشێلکاری وقورخکردنێک و، سنووری دەسەڵاتەکان بەوردی دیاربکات و،

هاوکات پەیوەندی هەرێمی فیدراڵی کوردستان-عێراق بەحکومەتی فیدراڵی لە عێراق لەسەر بنەمایەکی تۆکمە ئۆرگانیزە بکات.

بەدرێژایی مێژووی خۆی گەلی کوردستان بەتێکرای پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانییەوە هەرگیز لە دۆخێکی وەکو ئەمڕۆدا نەبووە کە بتوانێ دەستوورێک بۆ ڕێکخستنی بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکەی دابڕێژێ، بەڵکو هەمیشە سەرکوت و ستەملێکراو بووەو تەنانەت لە سادەترین مافە رەواکانی خۆیشی بێبەشکراوە چ جای ئەوەی کە بتوانی پڕۆژەی دەستوورێک بۆ ژیانی ئێستا و ئایندەی دابڕێژێ ، بۆیە داڕشتنی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەم قوناغە مێژووییەدا بایەخ و گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە لە سەرجەم بوارو ئاستەکانی ژیانیدا.

هەڵبەتە داڕشتنی پڕۆژەیەکی یاسایی ئاوا مەزن لە لایەن یاساناس و پسپورانی بواری یاسای دەستووری لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی سادەو سانا نییە و هەوڵ و کۆششی زۆری گەرەکە بەتایبەت ئەگەر یەکەمین ئەزموونیش بێت لە کوردستاندا، بۆیە زۆر ئاساییە سەرەتا دەستخۆشییان لێبکەین ئەگەرچی پڕۆژەکە کەموکورتی و کەلەبەریشی تێدابێت، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەدا نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە داڕشتنی دەستوور لە سایەی هەلومەرجێکی سیاسی زۆر هەستیاردایەو کەم تا زۆر کاریگەری ئەو هەلومەرجە سیاسییەی بەسەرەوە دەبێت ، بویە پێویستە هەموو لایەک بەئەرکی لەپێش و نیشتمانی خۆی بزانێت تاکو پڕۆژەی دەستوورەکە بەرەخنەو پێشنیازی بەجێ لە کەموکورتییەکانی پاکبکاتەوە و دڵسۆزانە تێبکوشی بۆ دەوڵەمەندکردنی بەجۆرێک سەرجەم ماف و ئازادییەکانی تێدا بێتەدی و هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینی لە گەلی کوردستاندا خۆی بەپەراوێزکراو نەزانێ و ، هەموو لایەک دوور لە گوشەنیگای بەرژەوەندی تایبەت و خۆ بەباشتر زانینەوە بروانێتە بەرژەوەندە باڵاکانی گەلی هەرێم و دوور لە دەمارگیری نەتەوایەتی و ئایینییەوە پڕۆژەی دەستوورەکە بەپێزترو پوختتربکەن تا لە ئایندەدا تێکرای پێکهاتە جیاجیاکانی گەلی کوردستان بەئارامی و ئاسایشێکی زیاترەوە ژیانێکی ئاسوودەی برایانەو ئاشتیانە بیەنەسەر و بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی سەقامگیرتر بکەن لە کوردستانێکی ئازاد و فیدراڵدا.

### سەرنج و پێشنیازەکان

(١)

ماددەی ٨٣ و ماددەی ١٠٢، کە یەکەمیان پەیوەستە بەسوێندی ئەندامی پەرلەمان و دووەمیشیان بەسوێندی سەرۆکی هەرێم، پێشنیاردەکەم بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێنەوە:

ماددەی ٨٣ : ئەندامی پەرلەمان بەر لە دەستبەکاربوونی، ئەم سوێندە یاساییەی خوارەوە دەخوات.

"سوێند بە خوای گەورە دەخوم کە بەرژەوەندی گەل و خاکی کوردستان و شکۆمەندی و ماف و ئازادییەکانی هاوولاتیانی بپارێزم و ئەرکی ئەندامێتی بەڕاستگۆیی و دڵسوزییەوە بەجێ بگەیەنم".

ماددەی ١٠٢ :"سوێند دەخوم بەخوای گەورە پارێزگاری لە خاک و ماف و دەسکەوتەکان و یەکێتی و بەرژەوەندی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان بکەم و راستگویانە و دڵسوزانە ئەرکەکانم ....."

هۆی ئەم پێشنیارە لەمەڕ هەردوو ماددەی لە سەرەوە ئاماژەپێدراو دەگەرێتەوە بۆ:

**یەکەم** : کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بە تەنها کێشەی مرۆڤەکانی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا کێشەی خاکیشە کە لە ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵیشدا ئاماژەی پێدراوە ، بۆیە ناکرێ لە سوێندی دەستووری ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمدا وشەی خاک لابرێت، کەچی لە سوێندی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیراندا هەبێت هەروەکو لە ماددەی ( ١١٠ ) دا هاتووە،چونکە ئەمە ناڕاستەوخۆ وێنای ئەوە لەلای خەڵکی کوردستان دروستدەکات (بەتایبەتیش کەرکووک و ئەو ناوچانەی کە لە (ماددەی ٢ /یەکەم)ی خۆدی دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێکراوە) ، کە دیارە چیتر کێشەکە کێشەی ئەندام پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم نییە ، بەڵکو بەتەنها کێشەی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیرانە، کە ئەمەش پێم وانییە وابی، چونکە کێشەکە لە ڕاستیدا هی هەمووانە.

**دووەم** : جەخت نەکردنەوە لەو دوو سوێندە دەستوورییەدا لەسەر وشەی خاک، درزێک لە دەستوورەکە دروست دەکات کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لایەنە شوڤینی و توندڕەوەکانی نەتەوەی سەردەست لە عێراقی فیدراڵدا دەتوانن بیقوزنەوەو لە دژی خۆماندا بەکاری بهێننەوە چونکە بوخۆمان لە دەستووردا وامان گوتووە یان وامان نووسیوە!!

**سێیەم**: زیادکردنی بڕگەی( پێکهاتە جیاوازەکان ....) لە سوێندی دەستووری سەرۆکی هەرێم متمانەی زیاتر دەبەخشێتە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی گەلی کوردستان، کە ئەمەش لە داهاتوودا گەلی کوردستان لە زۆر کێشەو گرفت ڕزگاردەکات .

(٢)

لە بەندی یەکەمی ماددەی (١٥٩ )دا هاتووە کە: "سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە یان نیوەی ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە پێشنیازی هەموارکردن لەم دەستوورەدا بکەن بەمەرجێک هەموارکردنەکە دەست لە سیستەمی کۆماری ، پەرلەمانی، دیموکراتی هەرێم و یەکێتی خاکی هەرێم نەدات "

لەم ماددەیەدا لێڵییەکی زمانەوانی هەیە لە ڕستەی" سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە....." ، کە لەڕووی زمانەوە پێی دەگوتری لێڵی ڕێزمانی بەجۆری ڕستەیەک زیاتر لە خوێندنەوەیەک یان ڕاڤەکردنێک لە خۆوە دەگرێت. لەبەر ئەمە ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەکرێ بەو دوو شێوەیەی خوارەوە بخوێندرێتەوە :

١/ سەرۆکی هەرێم + سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە ....

/٢سەرۆکی هەرێم + ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە....

بویە پێشنیاردەکەم ڕستەکە لەو لێڵییە ڕێزمانییە دەربازبکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە چونکە ناکرێ دەقێکی قانوونی زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵبگری:

"هەردوو سەرۆکی هەرێم و ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە..." ئەگەر ئەوە مەبەست بێت یان" سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە...." چونکە لە ڕستەی یەکەمدا پێشنیازەکە هی دوو کەسە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا پێشنیازەکە هی کۆمەڵێک کەسە و ڕەنگە بەئاسانی پێشنیازەکە بەرز نەکرێتەوە یان هەر سەرنەگرێت .

(٣)

لە ماددەی (٨ ) دا ، ئاماژە بەوە دەکات کە گەلی کوردستان – عێراق مافی دیارکردن و بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە و..... یەکگرتنی ئازادانەی لەگەڵ عێراقدا بەگەل و خاک

و سەروەری هەڵبژاردووەو..... بوی هەیە چاو بگێڕێتەوە بەم هەڵبژاردنەی، بۆ دیارکردنی پاشەرۆژو پێگەی سیاسی خۆی لەم بارانەی خۆارەوە:........................ تاد.

سەبارەت بەو ماددەیە پێشنیازدەکەم کە بەندی سێیەم بەم شێوەیەی خۆارەوە زیادبکرێت :

سێیەم : هەر کاتێک زۆرینەی خەڵکی هەرێمی فیدراڵی کوردستان - عێراق داوای کرد ریفراندومێک بکات بۆ ئەم مەبەستە .

(٤)

چەند پێشنیازێکی تایبەت دەخەمەڕوو سەبارەت بەزیادکردنی هەندێ بەند لە پێناو دەوڵەمەندکردنی پرۆژەی دەستوورەکە بەرلەوەی بدرێتە دەنگدانی یەکجارەکی ، کە بریتین لەمانەی خۆارەوە:

**یەکەم** : ماددەیەک یان بەندێک زیاد بکرێت کە تیایدا ئاماژەیەکی روون بەوە بکات کە ئەگەر هاتوو دەستووری کوردستان بەم شێوەیەی کە هەیە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە پەسند نەکرا چ رێوشوێنێکی یاسایی دەگرێتەبەر و لە چ ماوەیەکدا رێوشوینەکان ئەنجامدەدرێن تا جارێکی دیکە بخرێتەوە دەنگدان .

**دووەم**: لەبواری مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و روشنبیرییەکاندا پێشنیاردەکەم بەندێک یان ماددەیەک زیادبکرێ کە تێدا جەخت لەسەر کردنەوەو دابینکردنی دایەنگە و شوێنی حەوانەوەی ساوایان و بنکەی تەندروستی بکاتەوە لە شوێنەکانی کارو فەرمانگەو دامەزراوە حکوومییەکان و ناحکوومییەکان.

**سێیەم** : ماددەیەک یان بەندێک هەبێت لە دەستوورەکەدا جەخت لەسەر کردنەوەی بنکەی تەندروستی بەخۆڕایی بکاتەوە لەنێو خۆدی بنکەکانی فێربوون لە سەرجەم قۆناخەکانی خوێندندا ( بەتایبەتیش لە هەردوو قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیدا) ، چونکە مرۆڤ لە تەمەنێکی ناسکدایەو پێویستی بەچاودێری پزیشکی چروپرو لە نزیکەوە هەیە بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست بۆ ئایندە بێتەکایەوە .

**چوارەم**: سەبارەت بەمافە ئابوورییەکانی کرێکاران پێشنیازدەکەم ماددەیەک هەبێت بەم شێوەیەی خۆارەوە :

"١/کرێکار پێویستە لە لایەن خاوەن کارەوە لە هەردوو کەرتی تێکەڵاو و تایبەتدا یان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا بیمەی کۆمەڵایەتی بکرێت هەر خاوەن کارێکیش بەبێ بیمە کرێکار لەلای خۆی بخاتە سەر کار سزای یاسایی بدرێت، لەکاتی پێکانیشیدا لە کاتی کارکردنیدا پێویستە خاوەنکار تەواوی خەرجییەکانی چارەسەرکردنی بگرێتە ئەستو ئەگەرهاتوهۆی پێکانەکەی خۆدی کرێکارەکە نەبوو کە بەئەنقەست وایکردبی ، لە کاتێکیشدا ئەگەر دەرەنجامی پێکان بووە مرۆڤێکی پەککەوتە یان کەمئەندام ئەوا خاوەنکار پابەندبێت بەدابینکردنی ناردنە دەرەوەی بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەگەر لەنێو وڵاتدا چارەسەری نەبوو ، ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیشدا چارەسەری نەبوو ئەوا خاوەنکار دوای بڕینەوەی مووچە پیشوەخت کری ساڵێکی وەک قەرەبوو بداتی .

٢/ حکوومەتی هەرێم گرێبەست لەگەڵ هەر کۆمپانیایەکی بیانی بکات لە خۆدی گرێبەستی کارەکەدا خاڵێک هەبێت جەخت لەسەر بەکارهێنانی دەستی کاری نێو خۆی کوردستان بکاتەوە بەهەمان ئەو کرێیەی بەکرێکاری بیانی هاوپیشە دەدرێت و کۆمپانیا بەبێ ئاگاداری حکوومەتی هەرێم نەتوانێ یەکلایەنە کرێکار لەسەر کارەکەی لابدات.